کاری وەرگێڕان یا بازرگانی کردن بە ڕۆشنبیریی یەوە ؟!

بەشی دووەم

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد (فارس) وشەی (خفقان)ی لە زمانێكی ترەوە دروست كردووە و بە مانای (نەبوونی ئازادی سیاسی و ڕۆشنبیری) بەكاری ئەهێنێ ، دروست لێرەدا (بزورگی عەلەوی) هەر بەو مەبەستە دەرگا لەسەر باسەكەی ئەكاتەوە و بەمانای (سەركوت) دەقاو دەق وشەی (خفقان)ی مەبەستە و بەو مانایەش ئەتوانرێ وێنەكانی لەو (سەركوت)یەوە سەرهەڵ ئەدەن یەك لە دوای یەك ریز بن ، ئەوسا (سەركوتی) واتە داپڵۆسین واتە توقاندن و كوشت و بڕی.

هەر لە (سەركوت)یەوە سەرهەڵ ئەدەن یەك لە دوای یەك ریز بن ، ئەوسا (سەركوتی) واتە داپڵۆسین واتە توقاندن و كوشت و بڕی.

هەر لەو پەرەگرافەدا (بزورگی عەلەوی) دوجار بە شوێن یەكدا وشەی (ئەترسان)ی بەكار هێناوە بۆ ئەوەی هەر ئەو (ئەترسان)ە لە وێنەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی تردا بەردەوام بێت و بەرجەستەی (سەركوتی) و (ترساندن)ەكە بەزەقی دیار بێت ئەو ئەڵێ: (همه از هم می ترسیدند ، خانوادها از كسانشان می ترسیدند) كەچی (ئازاد) بێ ئاگا لە گرنگی ئەو بەكارهێنانەی نووسەر هاتووە شتكەی خاوكردووەتەوە و یەكجار ترسانەكەی دەرخستووە و ئەوی تریانی قوتداوە ئەڵێ : (همموو لە یەكتر دەترسان ، خێزانەكان لە كەسەكانیان...) كەچی لە ئەسڵدا خۆی وەهایە : (هەموو لەیەك ئەترسان ، خێزانەكان لە كەسەكانیان ئەترسان...) ئەگەر سەرنج بدەینە ئەوی (ئازاد) ئەبینین: (هەموو لە یەكتر دەترسان ، خێزانەكان لە كەسەكانیان ، منداڵان لە مامۆستاكانیان ، مامۆستاكان لە فەڕاشەكان و فەڕاشەكان لە سەرتاش و ناترەكان) بە تەواوی هەست بە نەبوونی (كار)ی (ترسان) ئەكەیت و ئەبینی لە (ناترەكان)دا شتەكە ئەوەستێ و بۆشاییەك رووئەدات . بەڵام كە دەقە ئەسڵی یەكە چاو لێ ئەكەیت : (همموو لەیەك ئەترسان ، خێزانەكان لە كەسەكانیان ئەترسان، منداڵان لە مامۆستاكانیان ، مامۆستاكان لە فەڕاشەكان ، وە فەڕاشەكان لە سەرتاش و ناتر) هەست ئەكەیت (ئەترسان)ی دووەم هەر لە رستەی (خێزانەكان)ەوە دەست پێ ئەكات تا ئەگاتە ترسی فەڕاشەكان لە (سەرتاش و ناتر) چونكە رستەی (همموو لەیەك ئەترسان) رستەیەكی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە رستەكانی دواترەوە نی یە وەك (وەرگێڕ) لێ ی حاڵی بووە . لە دوای ئەوە بۆ رستەی (از سایەشان باك داشتند) (ئازاد) نووسیویەتی (سڵیان لە سێبەری خۆیان دەكردەوە) لە كاتێكدا (باك) هەر بە مانای (ترس) دێت و (سڵكردنەوە) مەرج نی یە (ترس) بگەیەنێت چونكە زۆر جار (سڵكردنەوە) لە (شەرم) ەوەیە (بزورگی عەلەوی) ئەڵێ: (ترسیان لە سێبەری خۆیان هەبوو) بە دوای ئەواندا وتراوە : (همه جا ، در خانه ، در راه ، در مسجد ، پشت ترازو ، در مدرسه و در دانشگاه و در حمام مأمورین اگاهی را دنبال خودشان می دانستند) كەچی (ئازاد) وەهای لێكردووە : (لە همموو شوێنێك ، لە ماڵەوە ، لە دائیرە ، لە مزگەوت ، لە پشت تەرازووەكانەوە ، لە قوتابخانە و زانكۆ و لە گەرماوەكاندا ، وایان دەزانی پیاوانی ئاسایش بەدوایانەوەن) ئەمە ئارەزوو كردە ئەگین لە بۆچوونەكەی (بزورگی عەلەوی)دا ماناكان قورستر چەسپاون همموو شتێ بۆ ئەوەی تابلۆی ترس و سامە كە بەرجەستە بكات و خوێنەر لەو (سەركوت كردنە) بگەیەنێت كە هەیە و رووداوی رۆمانەكەی (ئەمی) لەسەر بنیات نراوە . ئەو ئەڵێ : (همموو شوێن) نەك (همموو شوێنێك) وەك (ئازاد) لێكی داوەتەوە . ئەڵێ : (همموو شوێن ، لە ماڵ ، لە دایرە ، لە مزگەوت و پشتی تەرازوو ، لە قوتابخانە و لە زانكۆ و لە گەرماودا ، ئەیان زانی پیاوانی ئاسایش بەدوایانەوەن) بەم جۆرە وردە وردە تابلۆی ترسێك بەرجەستە ئەبێت لێرەدا پێویستە بە سەرنجەوە لەم بەشە بڕوانین كە ئەڵێ : (در سینما ، موقع نواختن سرود شاهنشاهی همه به دوروبر خودشان می نگریستند ، مبادا دیوانه یا از جان گزشتەای برنخیزد و موجب گرفتاری و درد سر همه را فراهم كند) ئەبینین (ئازاد) وەهای وەرگێڕاوە: (لە سینەمادا ، وەختێ سرودی شاهنشاهی لێ دەدرا ، هەموو سەیری دەور و پشتی خۆیان دەكرد ، نەبادا شێتێك یا گیانفیدایەك هەڵنەستێتە سەر پێ و ببێتە مایەی دەردەسەری بۆیان) لە كاتێكدا وەسفەكە بەم جۆرەیە : (لە سینەمادا ، وەختی لێدانی سرودی شاهەنشاهی ، هەموو بۆ دەوروبەری خۆیان ئەڕوانی ، نەوەك شێتێك یا گیانبازێك هەڵسێتە سەرپێ و ببێتە مایەی ناخۆشی و دەردەسەری هەمووان) ئەبینین هەندێك وشە خراپ (ئازاد)ی حاڵی كردووە وەك (وەختی لێدانی سرودی شاهەنشاهی) ئەو كردوویەتی بە (وەختێ سرودی شاهنشاهی لێ دەدرا) لێرەدا (نواختن) هەر بە (چاوگی) ئەمێنێتەوە نابێتە (كردار) لە هەمووی سەیرتر ئەم رستەیەیە كە ئەڵێ : (مبادا دیوانه یا از جان گزشتەای برنخیزد) ئەبینین (ئازاد) وەهای لێكردووە : (نەبادا شێتێك یا گیانفیدایەك هەڵنەستێتە سەر پێ) جا ئەگەر ئەو شێتە یا ئەو گیانفیدایە هەڵنەستێتە سەر پێ ئیتر ترس لە چیدایە بەپێ ی ئەو بۆچوونەبێت (كردار)ەكە رووناداتە كەواتە دەردەسەریش رووناداتە . بەڵام ماناكە بە پێچەوانەوەیە ئەو ئەڵێ : (مبادا) واتە (نەوەك) چی ببێت ، واتە شێتێك یا لە گیانبووردوویەك رووداوێك بخولقێنێ لە كوردییەكەدا (كردار)ەكە (نەفی)ناكرێتەوە لەبەر ئەوەی (مبادا) بە مانای (نەوەك) دێت نەك بە مانای (نەبادا) كە ئەزانین لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی (هەژار)ی وەرگرتووە كە ئەڵێ : (نەبادا : مەبادا (ف) مبادا ، نكند) هەنبانە بۆرینە / ل ٨٧٧ زۆر ئەوكەسانە دروست ئەكات كە وەك (ئازاد) بێ ئاگابن لەو كەین و بەینەی لە نێوان كوردی و فارسی دا هەیە . ئەگەر وا نەبوایە توشی ئەو هەڵە سەیرە نەئەبوو . بەدوای ئەوەدا (بزورگی عەلەوی) ئەڵێ: (سكوت مرگ اسائی در سر تا سر كشور حكمفرما بوو) (ئازاد) هاتووە بەم جۆرەی كوردانەووە و ئەڵێ: (بێدەنگی یەك مەرگ ئاسا سەرتا سەری وڵاتی تەنی بووەوە) جارێ (حكمفرما) بە مانای (فەرمانڕەوایی)دێت نەك بە مانا (تەنی بووەوە) ئەوجا نووسینەكە وای لێ دێت : (بێدەنگی یەكی مەگبار لەسەر تا سەری وڵات فەرمانڕەوا بوو) بە دوای ئەویشدا نووسەر ئەڵێ: (همه خودرا راضی قلمداد می كردند) ئەبینین (ئازاد) ئەمیشی وەها لێكردووە : (هەموو خۆیان وا پیشان دەدا بەو بارە قایلن) كەچی نووسەر وتبووی (هەموو خۆیان رەزامەن حسێب ئەكرد). ئەگەر لەم پەرەگرافە ورد بینەوە و جارێكی تر هەردوو بۆچوونەكە بە دەقەكەی (بزورگی عەلەوی) بەراورد بكەین ئەبینین (ئازاد) نایەوێت وەك وەرگێڕێك مامەڵەی وەك خۆی لەگەڵ دەقدا بكات تا ئەو دەقە بە زیندوویی بگاتە دەستی ئەوانەی تینووی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەن بەڵكو ئەیەوێ (فەهمی) خۆی بكاتە كوردی و بەدەقی ئەسڵیش لەسەر خوێنەری زمانی كوردی و لەسەر هونەری وەرگێڕان و لەسەر زمانی (فارسی)یش حسابی بكات.

ئێمە بۆ ڕاست و دروستی قسە هەندێك شوێنی تری دوای ئەم پەرەگرافە ئەیخەینە بەر چاوان. ئەم دێڕە: (مگر ممكن می شد كە در كشور شاهنشاهی چیزی بد باشد) لای (ئازاد) بەم شێوەیەی لێكراوە : (ئەقڵ دەیبڕێ لە وڵاتی شاهنشاهی وشە لەو فەرهەنگەدا هەیە كێشەی خۆی هەیە و (هەژار) قەناعەتی وابووە كە كوردیە ئەمەش گرفت بۆ دا شتێكی خراپ هەبێت؟) كەچی خۆی ئەبێ وەها بڵێ: (مەگەر ئەكرێ كە لە وڵاتی شاهەنشاهی دا شتی خراپ هەبێت). هەروەها بۆ ئەم دێڕەش : (اندوه بیحالی و بدگمانی و یأس مردم در بازار و خیابان هم به چشم می زد ، مردم وا همه داشتند از اینكه در خیابان ها دوروبرشان را نگاه كنند) ئەو ئەڵێ : (خەم و بێزاری و بەد گومانی و نائومێدی لە بازاڕ و شەقامەكان دا بە ئاشكرا بە ڕووی خەڵكی یەوە دەبینرا ، خەڵكی سڵیان دەكردەوە لە شەقامەكاندا تەماشای ئەملا و ئەولای خۆیان بكەن) بەڵام ئەبێ بەو جۆرەی لەگەڵ دەقدا ڕێ بكات : (خەم و بێ توانایی و بەدگومانی و هیوابڕاوی خەڵك لە بازاڕ و شەقامیش بەچاو ئەبینرێ ، خەڵك ترسیان لەوە هەیە كە لە شەقامەكاندا سەیری دەوروبەریان بكەن) هەروەها ئەو ئەم دێڕەی:(خیابان های شهر تهران را افتاب سوزانی غیر قابل تحمل كردەبود) كردووە بە (هەتاوێكی سوتێنەر وا لە شەقامەكانی شاری تاران دەدا ، كە مرۆڤ بەرگەی نەدەگرت) كەچی خۆی وەها ڕاست دێتەوە (شەقامەكانی شاری تاران بەرگەی هەتاوێكی سوتێنەری لە رادەبەدەری گرت بوو). ئەگەر بەو جۆرە لەگەڵ نموونەكانی (ئازاد)دا بەردەوام بین هەست ئەكەین تا دێت ڕوون ئەبێتەوە كە ئەو بەپێی ئەقڵی خۆی كار لەگەڵ وەرگێڕاندا ئەكات و چۆنی بوێ و چی بوێت بەو جۆرە دەسكاری ئەو دەقانە ئەكات كە پێویستی پێ یەتی . ئەمەش لە كاری وەرگێڕاندا یەك پوولی قەڵب ناهێنێ چونكە وەرگێڕان خۆی بۆ خۆی هونەرێكی تایبەتە و توانا و بەهرەی تایبەت بەخۆی ئەوێ و هەموو كەس ناتوانێت كوڕی ئەو مەیدانە بێت بێجگە لەوەی بەرپرسی تیایە لە هەمان كاتدا شارەزایی و تێگەیشتنی گەرەكە و كارەكە هەر بەوە تەواو نابێت كەسێك بە زۆر سواری مەسەلەكە بێت و بیەوێ لە خۆڕا خۆی بكاتە وەرگێڕ و دەست بكات بە كارێك كە هی ئەو نی یە.

ئێمە دڵنیاین ئەگەر بۆ ئەو جۆرە كارانە شوێنی خۆی هەبوایە و خەڵكانی شارەزا و زمانزان و بە ویژدان سەرپەرشتی ئەو كارە زۆر و بۆرانەی (ئازاد) كردوونی بە بەرپرسانە بكردایە هەرگیز ڕێ ی بچوكترین شتی پێ نەئەدرا و نەی ئەهێشت وەها گوناهێك دەرهەق بە حورمەتی ئەدەب و هونەری وەرگێڕان بكرایە و سیمای ڕۆشنبیری وەها ناشیرین بكرێت . بەڵام (ئازاد) بەخت یاوەریەتی و ڕۆژگارێك دەرگای بۆ كردووەتەوە كە هەموو شتێكی تیادا ناشیرین ئەكرێ و كەسیش ئاوڕ لە سێبەری خۆی ناداتەوە . ئەم رۆمانەی (بزورگی عەلەوی)لەبەر ئەوەی كەش و هەوایەكی رۆمانسی دەستی بەسەردا گرتووە و لەبەر ئەوەی كارێكی ئەدەبی یە خۆی بۆ خۆی ئاسانترین بابەتی وەرگێڕانە و كاركردن لەم جۆرە كارە ئەدەبیانەدا زۆر ئاسانترە لەوەی لە جۆرە دەقی تردا كار بكرێت . جا كەسێكی زمانزان و بە حساب نووسەری وەك(ئازاد بەرزنجی) ئەوە دەست و پلی وەرگێڕانی بێت ئاخۆ لە دەقێكی گران و وشكی فكری و فەلسەفیدا چۆن وەرگێڕێك بێت و چ ویژدانێكی عالمانەی بەكارهێنابێت بۆ ئەوەی لە لایەك خوێنەری كورد قازانجی لەدەست بكات و لە لایەكی ترەوە زمانێكی وەك زمانی (فارسی) لە ڕێگەی ئەدەبەوە بە زمانی كوردی بناسێنێت كاتێك ئێمە ئەو دەقە بەحساب وەرگێڕدراوانەمان بە دەقی ئەسڵی بەراورد كردووە مەگەر ئێمە بزانین (ئازاد) چ ماڵ وێرانییەكی بەسەر ئەو بەرهەمانەدا هێناوە و چۆن وەرگێڕ و زمانزانێكە نا هەقی نی یە هەرچیەك بكات چونكە كەسێك یان شوێنێك نی یە و بڵێ (بەسە) تەنانەت ئەو خەڵكەش كە پێ ی ئەوترێ (خوێنەر) بۆ نەگبەتی لە زمانی كوردی زیاتر نازانێ و تینوی شارەزابوونی ئەدەب و زمانی گەلانی ترە و ئیتر ئەو نازانێت لە پشتی پەردەوە چی دەگوزەرێت ، جگە لەوەش زۆرینەی دەرگا و كەناڵە ئەعلامی و چاپەمەنیەكان یا ڕاستەوخۆ بە دەستی خودی (ئازاد) ەوەیە یا سێبەرێكی خۆی دەستی تیایدا هەیە و پشتی یەكتر نادەن لە ئەرز بەڵام ڕۆژگارەكە تا سەر هەر وا بە گەوجی ناڕوات و ڕۆژێكیش ئەبێ پێی بوترێ : (ئیتر بەسە هەی پیاوی بڵح).